# زمانی شیعر و زمانی ڕۆژنامەنووسیی

## هێڵی لەیەکچوون و جیاوازی

د.محمد دلێر امین میسری/ زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زمان

**پێشەکی :**

زمان وەك دیاردەیەکی ئـاڵۆز و هـەردەم پێویست و بـەکارهاتوو , پێویـستی بەوەیـە لەکایە جیاجیاکـانی دەربڕین و نووسین دا , شێواز و مۆرکی جیا وەربگرێ , لـەم سـەردەمەی ئـەمڕۆدا , کـە بـواری شیعر و ڕۆژنامـە نووسیی بوونەتە خوولیای لاوان و ژمارەیەکی زۆر لە قەڵەمی نوێ کە هەوڵیانە لەیەکێك لەو ژانرە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسیەکاندا , ناوبـانگ بەدەست بهێنن , دیارە زۆری بڵاوکراوەو تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو , بونەتـە هانـدەریان لـەو هـەل و مەرجـەدا پێویـستیمان بەوەیـە سـنوری زمـانی ژانـرە ئەدەبیـەکان لەلایـەك و ڕۆژنامەنووسیی لەلایەکی تـرەوە دیـاری بکـەین و لـەم بارەیانـەوە بـە شێوەی زانستی بنووسین و سـوود لـە ئەزموونی نەتەوەکانی تر وەربگرین ٠

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەست نیشانکردنی لایەنی لەیەکچوون و جیاوازی نێوان زمـانی شیعر و زمـانی ڕۆژنامەنووسیی نووسراودا , تا هەوڵبدرێت بە شێوەیەکی دروست وکارا و کاریگەر بەکارببرێن ٠

دوو بەش کراونەتە پلانی توێژینەوەکە :

بەشی یەکەم : بەگێڕانەوەیەکی مێژوویی یەکـەم سەرچـاوەی سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی هەریـەك لـەو دوو زمانە دیاریئەکات و سوودمەندە بۆ کاریگەری یەکەمیان لەسەر دووەمدا.

بەشـی دووەم : تایبەتـە بەباسـکردنی خەسـڵەت و تایبە تمەنـدی هەریـەك لـە زمـانی شـیعرو زمـانی ڕۆژنامەنووسیی ,لـە هەریـەك لـەم بەشـانەدا لـە ڕووی بەراوردکاریـەوە جیـاوازی و لەیەکـچوون لەڕێگـەز و پێکهاتەی هەردوو زمانەکە بـاس کراوە لە کۆتـایی دا بەچەند خاڵێك ئە نجام و ڕاسپاردەکان خراونەتە ڕوو

**بەشی یەکەم :**

لـە ڕووی مێـژووی یـەوە بـەراورد لـە نێـوان زمـانی شیعر و زمـانی ڕۆژنامەنووسیی دا , پێویـستی بەوەیـە , بگەڕێینەوە بۆ سەرەتـاو پەیدابوون و گەشەکردنی هەریەکەیان و دواتر لەو لایەنەوە بەراوردیان بکەین ٠

زمـانی شیعر لـە ڕووی مێژووییـەوە زۆر کۆنـە , هەرلەبـەر ئەوەیە بۆتـە تـەوەرێکی گرنگـی نـاو بۆچـوونە فەلسەفیەکان , سەردەمی ئەفسانە و داستانەکان بەسەردەمی شیعر ناسراوە [١]

دیارە ئەفسانە یەکەم قۆنـاغی بیرکردنـەوەی فەلـسەفی مرۆڤـە و ئـەم قۆنـاغـە گەرچـی سـەرەتاییە ,بـەلام دەرئە نجامی قووڵبوونەوە لە دیاردەکانی کەون و پەیوەندیان بەژیانی مرۆڤەوە , ئەو قوڵبوونەوەیەئەبێتـە مایەی سەرسوڕمان و هاتنە ئارای چەندین پرسیار[٢]

بنـدتۆ کرۆتـشە ( ١٨٦٦ – ١٩٥٢ ) ئـەڵێ : (( لـەدایکبوونی شیعر , ئـە نجامی ڕابـواردنێکی خۆشـی , یـان

ئارەزوویەکی کاتی نەبووە , بەڵکو پێویستیەکی سروشتی بووە , زۆر دوورە لەوەی کە بەشتێکی زیادە لەسك دابنرێ , شیاوی گۆکردن و چڕکردن بێ , چونکە یەکەمین هەڵس وکەوتی بیری مرۆڤانەیە ))[٣]

سەرچاوە یۆنانییەکان ئەوە دەرئەخەن ،کە لە پێش ( سوکرات ) ەوە شیعر لە فەلسەفە دانەبڕاوەو هەمیشە بەشێك بووە لە ململانێی ناو دید و بۆچوونی فەلسەفیی , هەرلەبەرئەوەیە فەیلەسوفەکانی یۆنان بەباشی یان خراپ باسیان لە شیعر وجۆرەکانی کردووە و تەنانەت بەرهەمی تایبەتیان لەبارەیەوە نووسیوە , کە تا ئەمڕۆ نرخ و بایەخی خۆیان هەیە , بۆ نموونە : بەکارهێنانی زاراوەی ( لاسایی کردنەوە ) لەلایەن ئەفلاّتوون ٤٢٧-٣٤٧ پ.ز کە لەو ڕوانگەیەوە ئاوڕ لە شیعر ئەداتەوە , جۆرەکانی لەیەکتر جیائەکاتەوە ( شانۆگەری ( تراژیدیا و کۆمیدیا ) , چیرۆکێك کە شاعیر بە سادەیی ئەیگێڕێتەوە , سێهەمیان ئەو جۆرەیەکە چیرۆك و شانۆگەری کۆئەکاتەوە[٤] هەروەها کتێبە بەناوبانگەکەی ( ئەرستۆ ٣٨٣-٣٢٢پ.ز بە ناوی ( پۆیەتیکا- هەنەری شیعر کە تایبەت بە ناساندنی شیعر و جۆرەکانی و تیۆری لاسایی کردنەوە , گرنگی زمانی بە گشتی لەناو بیری فەلسەفی دا , بەتایبەت فەلسەفەی یۆنان کە نوسراوە لەبەر دەستدان , ئاماژە بەوە ئەدەن کە گەلی یۆنان هۆشیاریان سەبارەت بە زمانە جیاجیاکان بووە , لەگەڵ ئەوە بەچەندین دیالێکت قسەیان کردووە , بەلاّم ئاستەنگ و بەربەستە جوگرافیاکانیان ئاسان کردووە , توانیویانە هاوبەشی دروست بکەن[٥] تانەت هەر لای فەیلەسوفەکانی ئەوان , زمانی سیاسەت و دبلۆماسی و ئایینی و هونەری و ئەدەبی جیاکراوەتەوە تەنانەت وشەی Grammatik's تا سەردەمی ئەفلاّتوون و ئەرستۆ ئەو کەسە بوو تێئەگەیشت و ئەیزانی Grammatik بەکاربهێنێ و توانای خوێندنەوە و نووسینی هەبووە[٦]

لەگەڵ سەردەم و قۆناغە مێژووییەکان و دەرکەوتنی ڕێبازە ئەدەبیەکاندا , چۆن پەیامی شیعر و ڕوخسارو ناوەڕۆکی گۆڕڕانیان بەسەردا هات , زمانی شیعر گۆڕڕا و هەربەو پێناسەیەی کە ئەدەبی بە شیعر و پەخشانەوە , هونەرێکی زمانەوانین یان زمانی خەیاڵ و جەستەیەکی زمانەوانین , لە ڕێگای ڕستە و سیستمێکی دەنگیەوە دەرئەبڕێن , کەواتە لەگەڵ خواست و دەربڕیندا , ئەو زمانە بە شێوەی زارەکی و دواتر نووسراو سەری هەڵداوە و لەگەڵ جە نجاڵ و فراوانبوونی پانتایی خواستەکانی مرۆڤ دا ئەمیش هیواو ئاما نجی دەرەکی , لە دەربڕینی خوودی یەوە هەوڵی داوە بێتە بابەتی شیعر چ لە ڕوانگەی تێڕوانینی شاعیرەوە بێت یان گۆڕڕانی چێژی خوێنەر بێت , هەمیشە زمانی دەربڕینی لە گۆڕاندا بووە , هەرلەبەرئەوەیە چەندین پێناسەی بۆکراوە و لە زۆرسەرنجی فەلسەفی و ڕەخنەیەوە شیکراوەتەوە بنیاتە سەرەکی یەکانی دەقی شیعری کە لە مۆسیقا و زمان و وێنەی شیعری , پێك دێت لەکۆنەوە جێی بایەخ و سەرنج بووە و وەك جەستەیەکی سەربەخۆ هەڵسەنگێنراوە , مێژووی زمان چەند کۆن بێت و پەیدابوونی تا ئەمڕۆ لەبەر ڕۆشنایی چەند تیۆر و گریمانەدا ( بیردۆز ) شی بکەیتەوە کە بریتین لە ١/گریمانەی دەنگە سروشتییەکان , ٢/گریمانەی بانگ و قیژەی هەست دەربڕ , ٣/گریمانەی بزاوتن , ٤/گریمانەی مۆسیقا , ٥/گریمانەی پەیوەندی , لەگەڵ ئەوەی ئەم گریمانانە ئەوە ڕووناکەنەوە کە زمانی مرۆڤ چۆن گەیشتۆتە قۆناغی دەربڕین , زیاترجەخت لەسەر غەریزەی قسەکردن لە مرۆڤدا ئەکەنەوە[٧] هەروەهاش مێژووی شیعر کە بەشێك لە مێژووی زمانە بە گشتی , سەرەتاو وردەکاری دەرکەوتنی نەدۆزراوەتەوە , مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەك بگرین , بەشە شاراوە و نادیارەکانی زۆرترە لەو بەشانەی دەرفەتی نووسین و بلاّوکردنەوەیان بۆ ڕەخساوە ٠

به کورتی، زمانی شیعر لەگەڵ مێژووی زمان دا هاوتەرییەو لە سەردەمی دەرکەوتنی فەلسەفەوە , کەوتۆتە ناو ململانێیەکی توند و پەیوەست بووە بە زمانی ناو کۆیی و زمانی بالاّ و پەیامداریی یەوە .... هتد ٠
زمانی ( ڕۆژنامەنووسیی ( نووسراو ) کە مەبەستی توێژینەوەکەیە , سەرەتاکەی ئەگەڕێتەوە بۆ داهێنانە سەرەتایەکەی ( یوحەننا گۆتەنبەرگ-ئەڵمانی ١٤٣٦ ز , (( گەر بە سەرەتایەتی واقیعیانە دەست پێ بکەین و لەسەردەمی هێما و تیشك و ڕۆژنامەنووسیی بەردیە و قوڕینە بگەڕێین )) ئەو داهاتەی گۆتەنبەرگ جگەلەوەی کۆڵەکەیەکی پتەوەی سەدەی بووژاندنەوەی ڕۆژئاوایە , داهێنانێکە دووبارەنابێتەوە و دواتر بە دووسەدە دوای ئەولای ئیتالییەکان دەرکەوت و گەشەی سەند
لێرەوە جۆرێکی تر لە پیشە و نووسین بە زمانی جیاواز لە ئەدەبی و ژانرەکانی سەری هەڵداو لەگەڵ گەشەو بەرەو پێشچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەدا مێژووی نووسین و زمانی ڕۆژنامەنووسیی درێژبووەوە و تا شێوازی جیاواز بەخۆی وەرگرت و دەستەیەکی تر لە نووسەر و پەیامنێر و ریپۆرتاژ نووسی و هەڵەبڕ و نەخشەکێش و خوێنەری دروست کرد ٠
دیارە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی هەر میللەتێك نوێترە لە مێژووی ئەدەب و بەرهەمی شیعری , کە هەردووکیان جێی شانازین و کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە , لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەنووسیی لەهەر ناوچەیەك و لە ناو هەرنەتەوەیەکدا , ئەبێتە هاندەری گەش و بەرەو پێشچوونی شیعر و ژانرە ئەدەبیەکانی تر بە تایبەت پەخشانی هونەری , هەروەها ناساندنی شاعیر و نووسەرانی بە شێوەیەکی خێراو ڕاستەوخۆ بە خوێنەر و ناوەندە ڕووناکبیری یەکە ٠
مێژووی ڕۆژنامەنووسیی , مێژووی گەشەی تەکنەلۆژیایە , لەبەرئەوەی پەیوەستەبەلایەنی پیشەسازی یەوە ,هەموو داهێنانێکی نوێ لە بواری چاپکردن و بڵاوکرانەوەدا , کارئاسانی یە بۆ نیشاندانی بەرهەمی ئەدەبی و ڕووناکبیری , مێژووی زمانی شیعری پەیوەستە بە خەیاڵ و سنوورەکانی خەیاڵی شاعیر و جیهانە تایبەتییەکەی , مێژووی زمانی ڕۆژنامەنووسیی زیاتر پەیوەستە بە واقیع و ڕووداوە هەنووکەییەکان و بەمەش پانۆرامای مێژووی زمانی شیعر گرانتر و نووسینەوەی کارێکی سەختترە لە دیاریکردنی مێژووی نووسینی ڕۆژنامەنووسییکە تۆماری ئاشکرای ئەو گۆڕانەن لە وشەو دەستەواژ و ڕستە و دەربڕین دا , جگە لەوەی هەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئەبنە هۆکاری گواستنەوەو داهێنانی چەندین وشەی نوێ و بەکارنەهاتوو لە ڕۆژگاری خۆیاندا ٠
بە کورتی زمانی شیعر بەشێکی جیانەکراوەیە لە جموجۆڵی بیر و ڕوانینی ئادەمیزادی کۆن و هۆکاری دەرخستنی وێنەی خەیاڵێکە دوور لە واقیع و هۆیەك بووە تا خواستە دەروونیەکانی پێ دەربڕێ و هەست و نەستی خۆی بەرامبەر بە جیهان و دەوروبەر وەك خۆی وێنای ئەکات , بە زمانی بنەخشێنێ ٠
بەڵام زمانی ڕۆژنامەنووسیی مێژووی قۆناغی (( مۆدێرنە و شۆڕشی پیشەسازی و ڕێنسانس )) ە لەگەڵ دروست بوونی شاری نوێ و پێکهاتە نوییەکانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی دا سەرهەڵئەدات و وەك کەرەسەیەکی ڕۆژانە , مۆرکی نەتەوەیی و ناوچەی وەرئەگرێت و دائەبەزێتە ئاستی چین و توێژە جیاجیاکانەوە ٠

**بەشی دووەم :**

**زمان بە شێوەیەكی گشتی , هۆیەكە بۆ پەیوەندیكردن (( مەبەستی سەرەكی لە داهێنان و بەكارهێنانی زمان و تێگەیشتنی دەوروبەری مرۆڤە و پەیوەندی كردنە بە خەڵكی هاو زمانەوە , بێگومان جگە لە زمان مرۆڤ رێگەی تریشی دۆزیوەتەوە بۆ دابین كردنی ئەم پەیوەندییە هەندێ لەم رێگایانە لەگەڵ زمان خۆیدا بەكاردێن وەك بزاوتنی دەست و دەم و برۆ ... هتد ٠**

**هەندێكی تریان بە تەنیا خۆیان بێ زمان بەكاردێن بۆ پەیوەندی كردن وەك گڵۆپی هاتووچۆی ناو شارەكان ))[٨] دیارە لێرەدا زمانی شیعر و زمانی رۆژنامە نووسیی , هەردووكیان ئەركی پەیوەندی كردن و راگەیاندن جێ بە جێ ئەكەن هەریەكەیان بە شێوازی خۆی پەیوەندی بە كۆمەڵەوە ئەكات و خۆی ئەناسێنێت ٠**

**(( شیعر زمانی هەڵچوونە , دیار ترین شتێك كەلە زمانی پەخشانی جیائەكاتەوە ئەوەیە : زمانی شیعرخەیاڵی شیعرخەیاڵی داهێنانە خەیاڵ تیایدا شتێكی جەوهەری یە، چونكە زمانێكە لە ناخەوە هەڵئەقووڵێ، ئەمەش بە پێچەوانەی زمانی پەخشانەوە كە تەنیا یەك مەودای هەیە ))[٩] .**

**لەبەرئەوەی زمان هۆیەكە بۆ دەربڕین و ئەتوانرێ بەهۆیەوە واقیع و رەمزی ئەو واقیعە نیشاندات , هەرلەزووەوە بۆتە مایەی بایەخپێدان لەلایەن شاعیرانەوە , شاعیر هەوڵی داوە بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی زمان , گوزارشت لە هەموو ئەو شتانە بكات بەلاَم بە پێوانەیەكی تاڕادەیەك خەیاڵئامێز , ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە كە شیعر پێویستی بە خەیاڵ هەیە , تەم و مژ و نوێبوونەوەی واتا , دوو سیفەتی بەیەكەوە لكاوی پرۆسێس دروست بوونی شیعرن , هەرلەبەر ئەوەیە هەر شاعیرە ئارەزووی پێكهێنانی زمانێكی نوێی هەیە , زمانێ لە كەسانی تر جیاواز بێت و ببێتە ناسنامەی خۆیی و مۆركی خۆی لێبدات , ئەو بایەخدانە بە زمان و بەكارهێنانی سەبكی جیاواز , وایكرد شیعر لە ڕووی زمانەوە سنووری دیاریكراوی پەیوەندییكردنی سنووردار دەربەچێ , ئەوەتا وۆردزۆرث Wordsworth ئەڵێ (( شاعیر بە زانست و بە عاتیفە ئیمپراتۆریەتی كۆمەڵی مرۆڤایەتی كۆدەكاتەوە , شیعریش سەرەتا و كۆتایی هەموو زانستێكە و شتێكی نەمرە وەك دڵی مرۆڤایەتی ))[١٠]**

**رەنگە بە ئاسانی لە دەقێكی زیندوودا , لەهەر خوێندنەوەیەكی جیاوازدا , بتوانین گوێمان لە زرنگەی وشەكان بێت و هەر جارە بە جۆرێ پەی بە ماناو لێكدانەوەی دەقەكە ببەین ٠**

**(( شاعیر رەگەزی نوێ بۆ سیستمەكان دروست ناكات , تەنیا پەیوەندی و پێكهاتەی نوێ لە نێوانیاندا دروست ئەكات , بۆ نموونە لەبەكارهێنانی وشەدا , هەرهەمان ئەو وشانەیە كەلەو زمانەدا هەن , بەلاَم لە كایەیەكی شیعری و رۆنانێكی تایبەتی وادا بەكاری دێنێت , كە واتایەكی نوێی , ئەوەی خۆی مەبەستیەتی , پێدەبەخشێت , كەواتە دەق ( دەقی شیعری ) ئەكێكی دوو لایەنە لە خۆدەگرێت , لەلایەكەوە واتاكان دەنوێنێت , لە لایەكی ترەوە واتای نوێ بەرهەم دەهێنێت ))[١١]**

**زمانی شیعر جگە لەوەی هۆكارە , ئامانجیشە , شاعیر هەوڵ ئەدا , توانا و لێهاتووی خۆی لە جوانكاری وشەكان و یاریكردن بە وشە و بەكارهێنانی زمانێكی تایبەت بە خۆی , وشەو زاراوەو خەیاڵی فراوان و هێما و رەمز و وێنەی شیعری جوان و ڕازاوە نیشان بدات كە دەبێتە ئامانجی شاعیر ٠**

**(( ئەركی شاعیرە زمان لە شێوە گشتی یەكەیەوە بۆ دەنگێكی تایبەتی كە لە رێگای جیهان بینی و بەهرەی خۆیەوە لە كاریگەرترین شێوەدا رێكی ئەخات ... هەرچەندە شاعیر بە توانا بێت لە داهێنانی زمانە**

تایبەتیەکەی , داهێنانەکەی زیاتر دەرئەکەوێ ٠ ))[١٢]
شیعر ئەو شتانە دەرئەخات کەلەناو زمانی ئاسایی دا شاراونەتەوە ,ئەو زمانە بە دەربڕینە جۆراوجۆرەکانیەوە هەمیشە زمانێکی ممکین بێت , ئەمە دەسەلاتی ناولێنان و سەلماندنی زمانی شیعری یە , ئەو کاتەی زمان ئەچێتە ناو سنعەتی دەقەوە ئەوسا دەگۆڕێ و دەبێ بە زمانێکی تر ٠ ))[١٣]
ئەرشیبالد ماکلش ئەڵێ ((وشەکان لە شیعردا بەهایەکی زۆرتریان هەیە , لەبەهای هەمان وشە , کاتێك لە قسەکردنی ئاساییدا , یاخود لەلا پەڕەیەکی ڕۆژنامەدا تووشی ئەبین , زمانێکی چڕ و ئاڵۆزە , پڕە لەهێما و ڕەمز و کەرەسەی مێژوویی و مانای شاراوە , کە هەرجارە و هەر خوێندنەوەیەك ئەکرێ بە جۆر و شێوازێکی نوێ ڕاڤەبکرێت ٠
شاعیر هەوڵئەدات , جا بە شێوازێ بنووسێ یان سەر بە چ ڕێبازێکی ئەدەبیی و فیکری بێت , پیرۆزیەك بۆ زمانی شیعر دروست بکات , جیاکاری بکات لە نێوان ئەو فەرهەنگی زمانەی ئەو بەکاری ئەهێنێ و ئەوەی خەڵکی تر لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاری ئەهێنن , ڕەنگە وەك نموونەیە لە مەبەستمان نزیك بخاتەوە کە ((شاعیران وشە وەك ئاسنی سارد دەستاو دەستی پێکرا بێ ئازاریان ئەدات , بەلام لەکاتێکا ئەو وشەیە بتوانێ زرنگانەوەیەك دروست بکات ,ئەوا پارە سواوەکە نیە ئەتوانێ مانای وروژاندن و هەڵچوونی ناخی شاعیر دەربخات ))[١٥]
خوێنەری هۆشیار ئەتوانێ بە ئاسانی لە دەقێکی زیندوودا , لە هەر خوێندنەوەیەکی جیاوازدا گوێی لە زرنگەی وشوکان بێت و هەر جارە بە جۆرێ پەلی بە ماناو لێکدانەوەی دەقەکە ببات ٠ڕەگەزەکانی شیعر بە گشتی بە ( بیرو خەیاڵ و سۆز و شێوازی داڕشتن ) ناسراون ئەم ڕەگەزانە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ , شاعیر پەییان پێ ئەبات و هەوڵئەدات لە ڕێگای زمانی شیعرەوە , جیهانبینیەکی جیاواز لەوەی هەیە دروست بکات و هەروەها جۆری بیرکردنەوەی خودی دیاری بکات , گەرچی چەند شاعیرێك لە باسی و بابەتی شیعردا لەیەك بچن , ئەوا لە زمانی داڕشتن و دەربڕین دا زۆرتر جیاوازن , ئەتوانین بڵێین ((هەموو تاقیکردنەوەیەکی شیعری دوو لایەنی هەیە :

١. بنچنەی فیکری بیرە ڕاگوزارییەکانی شاعیر , دیارە ئەمانە دوورن لە هونەری شیعرەوە ٠
٢. پرۆسێسی خوڵقاندنی شیعر واتە ئەو پرۆسێسەی بیروڕاکان ئەخاتە قاڵبی تایبەتەوەو دواجاریش کێش و سەرواو مۆسیقایان بۆ دادەنێ و ئاوێتەی خەیاڵ و عاتیفەیان ئەکات ))[١٦]

گەربەشێوەیەکی ڕاگوزاریش بێت , لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە زمانی شیعری نەك هەر لای شاعیرێك جیاوازە , لە نێوان قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییەکانیش ڕەگەزی جیاوازی زۆرەو بۆتە شەقڵی جیاوازی و خاڵی سنووربەندی , بۆ نموونە ((کلاسیکیەکان داوای بژرکردنی زمانی شیعری دەکەن , نابێت هەموو جۆرە وشەیەك , بەتایبەتی زمانی خەڵکی سادەو وشەی بازاڕی بەکاربهێنرێت , لە ڕاستیدا شتێك نی یە ناوی وشەی شیعری بێت یان بڵێین ئەم وشەیە بۆ شیعر دەشێت و ئەمەیان ناشێت , بەڵکو وشەی شیعری و وشەی فەرهەنگی جیاوازیان لە واتادا هەیە , کە وشەی شیعری بە هۆی ئەو پەیوەندییەی بە وشەکانی پێش و پاشی خۆی لە ناو کایە شیعرییەکەدا هەیەتی .....
هەندێکی تر وەك ڕۆمانسییەکان , بە پێچەوانەی کلاسیکیەکانەوە هەوڵیان ئەدا زمانەکەیان لە زمانی

خەڵکی سادە نزیك بکەنەوە وردزۆرث ئەڵێ (( شیعر گوزارشتە لە هەڵچوون , لەبەر ئەوە ئەو زمانەی لەگەڵیدا دەگونجێت , زمانێکی سروشتی یە کەلەسەر زمانی خەڵکی چینی خوارەوەیە , چونکە شارستانیەت خرا پی نەکردووە , بەتاییەتی گفتوگۆی ئاسایی نێوان گوند نشیینەکان ))[17] دیارە زمانی ڕۆژنامەنووسی یەك مەودایە و لە هەموو حاڵەتەکانی نووسیندا لە جوغزی هۆکاری گەیاندن و ئاراستەکردنی پەیامێك دەرناچێ , هەمیشە پەیام و مەبەست ئامانجە و زمانەکەی هۆیە , دوورە لە تەمومژ و ئاڵۆزییەکان ڕستە و دەستەواژەکان ئاشکران , ئەو ڕۆژگارەی شاعیر و ئەدییان دەسەلاتیان بەسەر ڕۆژنامەنووسی دا گرتبوو , ئەو حاڵەتی داڕشتنە شیعرییە لە وتاری ڕۆژنامەنووسیدا دەرئەکەوت و زۆرجار ماناکانی ئاڵۆز و قورس ئەکرد کە ئاسان نەبوو بە زوویی بگاتە خوێنەری ڕۆژنامە لەبەرئەوە جۆرێك لە ئاژاوەی مانای دروست ئەکرد واتە مەبەستی گەیاندن و پەیوەندی خێرای ڕۆژنامەنووسی خوێنەر دوورئەکەوێتەوەو ڕێگای لە تێڕامان و وردبوونەوە ئەگرێ ٠

(( سادە نووسین تایبە تمەندی بنچینەیی شێوازی ڕۆژنامەنووسی یە , دەبێ تەواوی وتارەکان بە شێوەیەك بنووسرێن کە خوێنەرانێك کە ئاستی خوێندنیان زۆر لەخوارەوەیە لێی تێبگەن ٠ تەنانەت ئەگەر خوێنەرانی ڕۆژنامەکە کۆمەڵێك بن کە ئاستی فەرهەنگیان لە ئاستی مام ناوەندی سەرتر بێت , نابێ لەبیرمان بچێت کە ئەوانیش , لەکاتی پشوو کاتە ئازادەکاندا ڕۆژنامەکە دەخوێننەوە ))[18]

زمانی ڕۆژنامەنووسیی لە بنەمادا بەدوای ڕووداودا ئەگەڕێ , یان ڕوون تر بڵێین دەرپین و گەیاندنی ڕووداو هەواڵە , شوێن و کات و کەس زۆر گرنگ و مەودایان بە پێی ڕووداوەکە دیاریکراوە . زمانی ئەرکی ئەوەیە وەك هۆیەکی گەیاندنە، ئەو ڕووداوە بگوێزێتەوە لە واقیعەوە بۆ کۆمەڵگا و قەڵەمی ڕۆژنامەنووسیی پردی ئەو پەیوەندیەیە , ئەوەندەی بابەت گرنگە و زاڵە بەسەر زمان و داڕشتنی نووسینی ڕۆژنامەدا زۆر کەمتر و دەگمەن خواستی تاك ( خود ) دەرئەکەوێ و لە ناو زمانی ڕۆژنامەدا ئاماژەی پێ ئەکرێ , لەزۆربەی پێناسە و ڕاڤەکردنی کاری ڕۆژنامەنووسیی دا ئەم بایەخدانە بە بابەت دەرئەکەوێ , بۆ نموونە ( ئۆتۆ گریت ) ئەڵی ڕاگەیاندن دەربڕینی بابەتییانەی هزر و ئارەزوو و ئاراستەی جەماوەرە لەیەك کاتدا ) گەر ئەم پێناسەیە ورد بکەینەوە تەواو ئەو سنوورانە دەرئەکەوێ، کەلە نێوان شیعر و ڕاگەیاندن دا هەیە و چۆن زمان جیایان ئەکاتەوە بەو شێوەیەی دەربڕینی ئارەزوو خواستە , ئەکرێ زمانی شیعر هەوڵی دەبڕینی خواستەکان بدات , بەلام ئەمەیان خواستی تاکەکەس و ئەویتر خواستی زۆرینەیە و گێڕانەوەی ئەزموون تاکە کەس و ئەویتر خواستی زۆرینەیە و گێڕانەوەی ئەزموون کێش و نەهامەتی خەڵکە , کەڕۆژنامە ناتوانێ پشت گوێ بخات و لەسەردەم وڕۆژی خۆیدا بلاوی نەکاتەوە , واتە ئەو وشە و ڕستەیەی لە ڕۆژنامەنووسیدا بەکارئەهێنرێ , تەنیا ئەو واتایە ئەبەخشێ و ئەبێ بەو شێوەیە بەکاربهێنرێ هەرگیز بە تەنیا واتا بابەتییەکەی نابەخشێ ,بەڵکو واتایەکی قووڵتر و ئەفساناویی تری هەیە , ئەو هەڵچوونەی کە مرۆڤی سەرەتایی وا ئەزانێ , گەر ناوی شتێکی هێنا , ئیتر ئەو شتە لەخۆوە دروست ئەبێ , دواجاریش ئەتوانێ دەست بگرێ بەسەریدا , ئەوەی تا ئێستا لە شیعردا ماوەتەوە ,تەم و مژ و نوێبوونەوەی واتا , دوو سیفەتی بەیەکەوە لکاوی پرۆسێسی دروست بوونی شیعر بووە ))[19]

وەك ئاماژەمان پێدا , زمانی ڕۆژنامەنووسیی ئەیەوێت خوێنەر بە ئاسانی لە مەرام و بۆچوونی وتار نووس بکات جگە لەمەش (( ئامانجێکی تری ئەم شێوازە ئەوەیەکە بابەت و نوسراوەکان سەرنج ڕاکێش و شیرین بکات و خوێنەر دەکاتە شایەتێکی ناڕاستەوخۆی بۆ ڕووداوەکان ))[20]

زمان لە هەردوو بەکاربردنەکەدا , زمانی شیعر و زمانی ڕۆژنامەنووسیی , لە ڕووەوە لەیەك ئەچن کە زمان ئەبێتە

بارهەڵگری زانیاری و شێوەی بیرکردنەوە دیاری ئەکات ٠
سەرەتا لە خاڵی لە یکچوونەوە رێك ئەکەون و دواتر لە شێوەی بیرکردنەوەدا لەیەکترجوودا ئەبنەوە , ئەمەش بەهۆی ئەوەی بیروخەیاڵی داهێنەرەو ئەندێشەی بەکارهاتوو لە شیعردا پێویستی بە زمانێك هەیە بتوانێ ئەو وێنە هونەرییانە دەربخات , خەیاڵی سەرکەش و داهێنەرانە بخاتە قاڵبی نووسین و ئاخاوتن و ئەو رەمز و هێمایانەی بپارێزێ , بەڵام بیرکردنەوە لە هەڵبژاردنی رۆژنامەنووسیی وەك پرۆسەیەکی رۆژانەو دووبارەبووەوە , ئەوە ئەخوازێ بیری سادە و ئاشکرا و ئاشنا بەو خەڵك و کۆمەڵگایەی رۆژنامەکەی ئاراستە ئەکرێ ببەخشێ, بە زمانێکی رەوان و بەکارهاتووی گشتی بنووسرێ ٠
راستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەموو نووسراوێکی تۆمارکراو , مەرج نیە ئەدەبیی بێت ٠ ئەوکاتەی نووسین لە زمانی ئاخاوتن نزیك بێتەوە ,قاڵبی میللی و رۆژانە وەرگرێ ئەوا خوێنەری رۆژنامە بە هەموو چین و توێژێکەوە پێی ئاشنا ئەبن و هیچ ئاڵۆزییەك لە مەبەستی بابەتی هەڵبژێردراوی رۆژنامەدا نابیننەوە ٠
خەسڵەتی رۆژنامە نووسیی لە بنەرەتدا , پیشەیەکی تەواو کۆمەڵایەتیە و پەیوەندی بە ژیان و ئەرکی رۆژانەی تاك و خەڵکی ئاسایی و دەسەڵاتەوە هەیە , ئەو شێوە زمانی رۆژنامەنووسیی یە , ئەبێت لە ژێر فشاری واقیع و ناوەندی ئاراستەکراوەوە ,بەکاربرێ , وەك زانایانی رۆژنامەنووسیی ئاستیان بۆ دیاری کردووە , ئەو زمانە لە نێوان ( ئاستی ئەدەبی و ئاستی زانستی ) دایە , هەوڵ ئەدات جۆرێك لە جوانکاری و رازاندنەوە بە دەست بهێنێ و لەو کاتەشدا وەك شێوازی زانستی , سادەو راستەخۆ پەیامەکەی بگەیەنێ"[٢١] زۆربەی جار کە باسی لە جیاوازی ئاستی زمانەکان ئەکرێت , تانەت لە نێوان شاعیران و رۆژنامەنووساندا , وشەی شێواز بەکاردێت و کە لە وشەی یۆنانی STILUS ەوە , وەرگیراوە بە ماناکەی (کۆڵکە ) , (( شێواز لەئەدەبیاتدا بە مانای شێوەیەکی تایبەتە لە هەڵبژاردن و بەکارهێنان و لە بەکارهێنانی وشەکان و لێکدانی وشەکان و شێوەی دەربڕینی ئەندێشەکان ))[٢٢]
شێواز لە سەرنجێکی وردتردا , بە تایبەت کە تایبە تمەندی زمان دەربخات , چەند هۆکار کاریگەرییان لەسەر هەیە و دەوڵەمەندی ئەکەن , لەوانە جۆری بابەت و بیرۆکە , هەروەها کەناڵی دەربڕین ( شیعر ,وتار , پەخشانی زانستی , ئەدەبی ... هتد ) , لەگەڵ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پێشینەی رووناکبیری نووسەر و خوێنەر , گرنگی شێوازی نووسین لەوەدایە کە ئەبێتە دروستکەر و پارێزەری لە زمانی ستانداردا , هەروەها دیاریکردنی رەوتی گەشەی زمانی نەتەوەیی و هەوڵی نووسینەوەی زانستی نوێ و دەستەواژەی نوێ بە زمانی خۆماڵی [٢٣]
(( زمانی شیعریی دوو ئەرکی سەرەکی دەبینێت , سیمیۆلۆژی و ئیستاتیکی , یەکەمیان بەوەی کە یەکە زمانییەکان واتای فەرهەنگیی خۆیان ناگەیەنن , بەڵکو ئاماژە بە واتای تر دەکەن , دووەمیشان ئەو جوانییەی لە شێوەی گوزارشتکردنەکەدا , لە هەموو ئاستەکاندا , مۆسیقا , وێنەی شیعریی , رەوانبێژی .... هتد , بەرهەمی دێنێت ))[٢٤]
زمان وەك ئەوەی هۆیەکە بۆ کاریگەری لەسەر دەوروبەرو خستنە ژێر رکێفی ئاگایی ئەوی تر , لە رێگەی فرمانکردن و خۆتێ هەڵقورتاندن لە کار و ئاکار و هەڵس و کەوتی خەڵکانی تر , لە رێگای بڕیاری فەرمی یان سستمی خێزان و چین و بەرژەوەندی و ئاستی خوێندەواری , لە هەموو کاتدا ( زمانی شیعر و زمانی رۆژنامەنووسیی , ئەو رۆڵە ئەبینێ , رەنگە کاردانەوەیان جیاواز بێت , شاعیر خواستی کاریگەری بەسەر خوێنەرەوە هەبێت و لە هەڵچوون و ئارەزووە مت کراوەکانی ئاگاداری بکاتەوە , بەڵام ئەم پرۆسەیە درێژخایەنە و رەنگە مێژوویەکی درێژی پێویست بێت , بەڵام خواستی رۆژنامە نووسیی هەنووکەیی یەوەو پەلەیەتی برووسکە ئاسا هەواڵ بگەیەنێ , نەك زەمەن ببڕێ و نرخ و بایەخی نەمێنێ ٠
شاعیر و ئەدیب وەك بەڵێنیان دابێ (( کە نادیار بنووسێت و هێماکانی ژیان لە وڵاتی تەماویدا لە دەست نەدات , خراپ دەنووسێت تا بە باشی لێی تێنەگەن , رەنگ بێت خراپ نەنووسن , بەڵام چونکە قەڵەمێك ناخەنەسەر خاڵە

سەرەکییەکان و بە پێی ئەم وتە بەناوبانگە ( قسە کە لە دڵەوە سەرچاوە نەگرێت بە ناچاری ناچێتە دڵەوە ))[٢٥]
کەواتە جارێکی تر هەست و سۆز وروژاندن و بایەخ دان بە ڕەوانبێژی ئەو قورساییەن کە زمانی شیعر لە کۆڵیان ئەگرێت و بە ئاسانی دەست بەرداریان نابێت ، کە هۆکارن بۆئەوەی لەگەڵ سۆز و دەروونی وەرگر دایەلۆك بکەن نەك لەگەڵ عەقڵ و لۆژیکی ژیان و ژیاردا ، ئەو هەموو سنعەتی وشەسازی یە کە شیعر خۆی پێ ئەنوێنێ ، بەکارهێنانی وشە مانایەکی تر و دوورتر لەو مانایەی لە فەرهەنگدا هەیە ئامانجی شاعیرە وێنەیەکی هونەری جوان و هەمیشە زیندوو بە مەبەست و خوولیاکانی ببەخشێ ، وشە زۆرترین مەودای زەمەن ببڕێ و ئەفسوونی کاڵ نەبێتەوە ، جامەرج نیە هەموو خوێنەرێك توانای بەسەردا بشکێ و بتوانێ چێژی لێوەرگرێ ، دەقی زیندوو چاوەڕوانی خوێنەری خۆی ئەکات و زەمەن و کاتێکی دیاریکراو لە خۆیدا حەشار نادات ، بەڵام ڕۆژنامەنووسیی نووسراو کە بە دەستپێك و سەرەتای سەرهەڵدانی زمانی ڕۆژنامەنووسیی دا ئەنرێ (( لە پێش زمانی ڕادیۆ و تەلەفزیون و بڵندگۆ )) وەیە ، زۆرینەی خوێنەر توانا وەرگرتنی ناوەڕۆك و مەبەستی نووسەری هەیە و ئەتوانێ لە جارێك زیاتر بیخوێنێتەوە و هەر کاتێك ویستی بچێتەوە سەر بابەتەکە و سوودی لێ وەرگرێت ، بابەتەکانی ڕۆژنامە زیاتر پێویستیان بە بیر و لێکدانەوە هەیە ، لەبەرئەوە ئەتوانرێ درێژەی پێ بدرێت و فراوان بکرێت ، ڕۆژنامەنووسیی نووسراو وەرچەرخانێکی گرنگی لە بواری نووسین دا هێناوەتە ئاراوە کە ڕۆژبەڕۆژ لە گەشەسەندنایە بە تایبەت ئەگەر ڕۆژنامەنووسیی ئەلکترۆنی جێی ڕۆژنامەی کاغەز بگرێتەوە ، ئەوەش بەشداری ڕاستەوخۆی خوێنەرە لە نووسین و شیکردنەوەی هەواڵ و تیشك خستەسەر ڕووداوەکان ، ئەم بەشداری کردنە زمانی نووسین ئەوەندی تر سادەئەکاتەوەو ڕۆژنامەکان مل کەچ ئەکەن بە تەواوی لە زمانی ئەدەبی دووربکەونەوەو ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵدا بدوێن و کۆمەڵگا لەناو خۆیاندا بدوێنن ، بەڵام زمانی شیعر ڕێگا بەبەشداری خوێنەر نادات ، ئەوە ڕەخنەگری ئەدەبەکە بە نووسین سەر شیعر و ژانرەکانی تر ئەنووسێ و زۆرجەخت لەسەر سەنگینی زمان و دەستەواژەی ئەدەبی و بەرپرسیارێتی وشەئەکاتەوە ٠

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە چۆن زمانی ژانرەکانی ئەدەب جیاوازن و شێوازی خۆیان هەیە ، زمانی ڕۆژنامەنووسیش بەیەك ئاست و ئاراستە نانووسێت ، لە نێوان وتار و جۆرەکانی ، بیرۆکە ، ڕیپۆرتاژ ، هەواڵ ، چیرۆکە هەواڵ ..... هتد جیاوازی لە شێوەی زمان و داڕشتندا هەیە ، پرۆسەی پەیوەندی کردن Communication کە بە هۆیەوە تاکەکانی ناو کۆمەڵ ، بیروڕا ئاڵ و گۆڕ ئەکەن ، ئەم پرۆسەیە کە مەبەست و ئامانجی زمانی ڕۆژنامەنووسیی یە ، پێکهاتەکەی ئەو وشە و دەستەواژە و دەربڕینانەن کە هێماکانیان ناسراوە ، باشترین و سەرکەوتووترین جۆری پەیوەندی کردن لەم ڕۆژە جەنجاڵ و پڕ بەرژەوەندییەدا ، ئەو جۆرەیە کە کۆدەکانی بە ئاسانی لێك بدرێتەوە و زۆرترین کاریگەریان لەسەر وەرگر هەبێت ، خاوەنی پەیام کە ڕەگەزی سەرەکی ئەم پرۆسەیەیە ، (( ئامانجی ئەوەیە کە ڕووداوەکە ، چی بینیوە یان هەستی پێکردووە و بیستویە ، دەقاو دەق پیشانی خوێنەران بدات ، یان بە دەنگ بەوی بگەیەنێت ، دوورکەوتنەوە لە باسەکە و خۆ خەریکردن بە بابەت لاوەکییەکانەوە ، نووسینی وتار بە شێوەی تۆمار ، سەر لە خوێنەر تێکدەدات و بە لاڕێیدا دەبیات ، بە جێگای ئەوە بیباتە قووڵایی ڕووداوەکە ، دووری ئەخاتەوە ))[٢٦]

لە زمانی شیعردا کە دیسانەوە ، شاعیر کەسی یەکەمە و خاوەن پەیامە ، ئەم پرۆسەیەش هەر لە خانەی پەیوەندیکردندایە بەڵام بە جۆرێکی تر و تایبە تمەندیەکی تر ، شاعیر بە سەبرو ئارامە لە تۆمارکردنی هەست و تێڕامان و ڕووداوە نەبینراوەکان و ئازارە مرۆڤایەتیەکاندا ، لەگەڵ ئەزموونە مشت و ماڵ کراوەکانی خۆی ، کە بە زمانی تایبەت نمایشیان ئەکات ، شاعیر تەنیا مەبەستی بە پەلە پێگەیاندن نییە ، بەڵکو لە پێناو دەرخستنی توانای خۆی و دەست ڕەنگینی لە داڕشتن و نوێبوونەوەدا ، بایەخی زۆر بە ئیستاتیکا ئەدات و بە بەری ئەو زمانە

خۆماڵی یەدا ئەكات تا نرخ و بەهایەكی نوێی پێ ببەخشێ , لە ئاوێنەی زمانی شیعردا , ڕەنگدانەوەی دەروون و سۆز و ئاواز ئەبینین نەك وێنەیەكی واقیع و پانۆرامای ڕووداوەكانی ڕۆژ ٠

(( ئەگەر سەیری كاری نووسەرێكی پرۆفیشناڵ بكەیت , بۆت دەردەكەوێت كە چۆن خۆی لە گشت وێژەیەك دوور ڕادەگرێت و قسەی ناڕۆشن ناكات , باسی نموونەی ڕۆشن و بەرچاوەكان دەكات و ڕەقەم و ژمارە دەدات , وێنەكان بە جۆرێكن كە دەتوانیت ببینیت ٠ ))[٢٧]

جیهانی شیعر , سنوورەكەی دیاریكراوە , لەبەرئەوەی پەیوەندی بە چێژی وەرگرەوە هەیە , ئاشنا و عاشقانی نادیارن و لە هەمە ڕەگەز و چین و توێژن بەڵام زیاتر خوولیایانی ئەدەب و ڕووناكبیرین , گەر جاران و پێش سەرهەڵدانی ڕۆژنامە نووسیی نووسراو , شیعر ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بینیبێ و لە ڕێگای شیعری سیاسی و نیشتمانی و كۆمەڵایەتیەوە , جۆرە كار ئاسانیەكی لەگەڵ وشە و سنعەتی دارشتندا كردبێت , وەزیاتر شیعری لیریك لە باڵای ئیستاتیكادا مابێتەوە ,ئەوا دوای شۆرشی چاپەمەنی ,ئەركی شیعر و زمانەكەی وەك كەناڵی ڕاگەیاندن كەم بووەوەو سنووردارتربوو گەرچی بەلای زۆرینەی ڕۆژنامەنووسانەوە شیعر ( هەواڵ ) مو چەند ڕەگەزێكی ئامرازەكانی پرسی وەك ( كێ , چی , بۆ ) ی تێدایە, بەڵام ئەمە نابێتە خاڵی زۆر نزیك لە نێوانیاندا , زمانی ڕۆژنامەنووسیی هەوڵ ئەدات لە كێشە واقعیەكان بكۆڵێتەوە و ڕای گشتی لێ ئاگاداربكاتەوە , بەمەش ئەو جیهانەی ڕۆژنامەنووسیی كاری تێدائەكات , تایبەت نی یە بەخۆی , بەڵكو تایبەتە بە جەماوەر و كەسانێ كە ڕەنگە لە شوێن و كۆمەڵگایەكی تر بن ٠

بیرۆكەی نووسین لای شاعیر لە خوودی خۆیەوە سەرچاوە ئەگرێ و بە شێوەیەكی لەسەرخۆ و ئارام , هەر لەبەرئەوەشە هەڵسەنگاندنی شاعیری سەركەوتوو بە ژمارەی بەرهەم نیە , بەڵكە بە چۆنیەتی داهێنان و دانسقەیی دەقەكەیەتی ٠

لە كاتێكدا ڕۆژنامەنووسیی وەك پیشەی گەڕان بە دوای سەرقاڵیدا , بیرۆكەی نووسینی لە دەست خواست و ئارەزووی نووسەردا نیە , بەڵكو ئەوە ڕووداو و گۆرانكاری ڕۆژ و هەواڵی نوێ و هەنووكەییەكە ئاراستەی ئەكات و ناوی وەك پرۆفیشیناڵ لە بواری خۆیدا تۆمارئەكات ٠

گەر پانتایی ئازادی دەربرین بكرێتە خاڵی جیاوازی لە نێوان هەردوو زمانەكەدا , ئەتوانین بڵێین كە زمانی شیعر زیاتر ئازادە لەبەرئەوەی شاعیر ئەتوانێ ئەو بیرۆكە و ڕووداوانەی كەلە ئە نجامی كاردانەوەی ڕەوتی ژیان و كێشەی كۆمەڵایەتی و سیاسیی دا لە هزریدا ماونەتەوە و جارێكی بینە هەوێنی شیعر و داهێنان , یان لە ناوەندێكی دیاریكراو و هەر لەوێدا كاریگەری هەیە گەورەترین زەبری سانسۆر ( یاسای چاپەمەنی , مۆڵەت , باج , دادگایی ,... هتد ) بەر ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسیی ئەكەوێت , نەبوونی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی و وا ئەكات ڕۆژنامەنووس بە چەندین داوی سانسۆر گەمارۆ بدرێت و گەر ئەو وەك شاعیر نەتوانێ پەنا بۆ هێما و جەڤەنگ بەرێت و خۆی لە سانسۆری واتا ڕزگار بكات , ناچارە بێ دەنگ بێت و نەبێتە شاهید بەسەر كات و شوێنی خۆیەوە ٠

خاڵێكی تری جیاوازی هەڵس و كەوتی زمانی شیعرە لەگەڵ مێژوودا , زمانی شیعر پێگەیەكی لە ئێستا و ئەوتری لە ئایندەدا , خۆی ناخاتە ناو چوارچێوەیەكی مێژووییەوە , شیعری زیندوو , شوێن و كات ئەبڕێ و لەگەڵ مرۆڤایەتی دا هاوتەریبە و ڕۆژگار ناتوانێ برستی لێ ببڕێت , هەمیشە دەقە ناوازەكان , بەرهەمی شوێن و كاتێكی دیاریكراو نین , (( بابە تایەرو جزیری و نالی.... هتد )) گەرچی لەسەردەم و ڕۆژانی ئێمەدا نەبوون , بەڵام بەرهەمەكانیان , دیدو بۆچوونیان هاوچەرخن وەك گۆران وتەنی پەیامەكەیان (( عەشقێكە ئەچێتە هەوێنی كوڕ و كوڕەزا ,تا تاقێ كورد مابێ لە چیایی بەرزا ))[٢٨]

بەڵام ڕگەزەكانی ڕۆژنامەنووسیی لەگەڵ ئەو زمانەی پێی نووسراون ,تێپەڕن لەگەڵ كات و شوێنی خۆیاندا

کاریگەرییان هەیە , ڕاستەخۆ ئەتوانن ئەرکی کۆمەڵایەتی و سیاسی وئابووری و هۆشیاری ببینن لەگەڵ ڕۆژێکی نوێدا پێویستیمان بە ڕۆژنامەیەکی نوێ و هەواڵ و وشە و ڕستەی نوێ هەیە , لەبەرئەوەیە هەواڵ دوای پەخشی کردنی ئەبێتە مێژوو , ڕۆژنامەنووسیی سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرنگە بۆ مێژوو نووسیی , وتراوە (( ڕۆژنامە مێژووی جیهانە لە ڕۆژێکدا )) .

ئەنجام :

١. زمانی شیعر و زمانی ڕۆژنامەنووسیی هۆکاری دەربڕین و پەیوەندی کردنن , لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤن , بەلاّم زمانی شیعر زیاتر زمانی سۆز و هەڵچوونە و زمانی ڕۆژنامەنووسیی زمانی بیر و عەقڵ و واقیعە ٠

٢. زمانی شیعر دەستبەرداری ویژدانی تاکەکەس نابێ و هەوڵ ئەدات پانتاییەکی زۆری بۆ تەرخان بکات , ئەوەندەی ئاشکرای ئەکات , زۆر لەوە زیاتر بە نهێنی ئەیهێڵێتەوە و بە ڕەمز باسی لێوە ئەکات , بەلاّم زمانی ڕۆژنامەنووسیی زمانحاڵی ویژدانی کۆیە و بە کێشە و گرفتەکانیان ئاشنامان ئەکات و زەنگی وریاکردنەوەیە بۆ گۆڕان و چاکسازیی و وردبوونەوە لە کات و ساتی خۆیدا ٠

٣. زمانی شیعر سەرچاوەکەی لە تاقیکردنەوەی ناوەوەی تاکەکەس و دیدو جیهانبینی خودەوە سەرهەڵئەدا و شاعیر بە تەنیا و پشتبەست بە بۆچوونی خۆی بەرەنگاری کێشەی خۆی و دەوروبەر ئەبێتەوە , بەلاّم زمانی ڕۆژنامەنووسیی سەرچاوەکەی لە ئەزموونی کەسانی ترەوە سەرنجی زۆرینەی بۆ بابەت دەرئەکەوێ و هەمیشە بە کێشەی دەستەیەکەوە سەرقاڵەو هەوڵی چارەسەرکردنیەتی ٠

٤. شاعیران , سەرپشك و ئازادن لەسەرچی و چۆن ئەنووسن چ قاڵبێ بۆ شیعرەکە ئەدۆزنەوە , بەلاّم بابەت ڕۆژنامەنووس ڕائەکێشێ بۆ نووسین , ئەڵێن کێشەکان " قضايا الساعة " و ڕووداوە هەنووکەییەکان سەرقاڵی ئەکەن ٠

٥. شیعر ئەکرێ پەیامەکەی بە زۆری بەردەوامی بلاّوکردنەوەی نە پێورێ , شاعیری داهێنەر زۆرن کە بەرهەمیان کەمە و ناو و ناوبانگیان دیارە , بەلاّم کاری ڕۆژنامەنووسیی بەدەر لەوەی کە زانینە , پیشەیە و خۆ تەرخان کردنە , ڕۆژنامەنووس بەوە خۆی ئەناسێنێ کە ئەم ڕستەیە بکاتە ڕێنوێنی خۆی ( بەردەوام بوونم لە نووسین مانای مانەوەم بە ڕۆژنامەنووس )٠

٦. ئەکرێ لە زمانی شیعردا , دەستوور و یاساکانی زمان دەسکاری بکرێن و تا ڕاددەیەك سنووریان بشکێت , تا لەگەڵ کێش و سەرواو مۆسیقای شیعردا بێنەوە , بەلاّم ڕۆژنامەنووس پێویستە پابەند بێت بە یاسا و دەستوری زمانەوە و ڕێگا بە شکاندن و شێواندنیان نەدات , دیارە لە مەسەلەی بەکارهێنانی خاڵبەندیشدا ئەم بۆچوونە ڕاستە ٠

٧. شاعیری بە توانا و بەهرەمەند ئەکرێ ببێتە ڕۆژنامەنووسی هەڵکەوتوو و بەسەر هەردوو زمانەکەدا زاڵ بێت و جیاوازییان بکات , ئەم نموونانە لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا زۆرن وەك "شێخ نوری , پیرەمێرد , گۆران , کامەران , بلە .... هتد " ٠

بە مانایەکی تر سانایە شاعیر ببێتە ڕۆژنامەنووس , بەلاّم مەرج نییە لە توانای ڕۆژنامەنووسیدا بێت ببێتە شاعیر و بە سەرکەوتوویی لە هەردوو ستایلی زمانەکەدا چالاکی بنوێنێ , وەك لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەبینین بەشێکی زۆری ڕۆژنامەنووسمان نەك هەر شاعیر نین , بەڵکو ئاستی چێژوەرگرتنیان لە شیعر جیاوازە ٠

٨. لەمڕۆدا کە ژمارەیەکی ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاّوکراوەکان ڕوو لە زیادبوونن و تا ڕادەیەکی باش تایبە تمەندیی ڕۆژنامەنووس هاتۆتە ئاراوە , ڕۆژنامەنووس پێویستی بە خولی ڕاهێنانی زمانەوانی هەیە , تابتوانێ لە هەموو ڕوویەکەوە دەستووری زمان بە دروستی بەکاربهێنێ و هەموو دەستەواژە نوێ وەرگیراوەکان وەك پێویست و بە پێی

دەستوری زمانەکە کۆنترۆڵ بکات.

٩. زێدەبایی لە زمانی شیعردا دەرفەتی زۆری هەیە و ئەکرێ شاعیر تەنیا لەسەر یەك ئەزموونی خۆی چەندین بەرهەم بنووسێ و دووبارەی بکاتەوە , بەلاّم ئەم خاڵە بۆ رۆژنامەنووس دەست نادات , جووینەوە و بەکارهێنانی بابەتی زیاتر لەوەی هەڵئەگرێ ' ئەبێتە هۆی جارس بوونی خوێنەر و پاشەکشەی بلاّوکراوەکە.

١٠. زانستەکانی رەوانبێژی و کێش و سەرواو ئاوازی ناوەکی پێویستە لە زمانی شیعردا تا ئەندازەی پێویست بەکارببرێ و ئەو زمانە لە زمانی ئاخاوتنی رۆژانە جیابکانەوە , بە شێوەیەك خوێنەر تووشی رامان و لێکدانەوە بکات بۆ فەرهەنگی مانا نادیار و دوورەکان بگەرێت بەلاّم زمانی رۆژنامەنووسیی , هەر ئەو کەرەستە خاوەیە لەبەردەستدایە و کۆدی تێگەیشتنە لای زۆرینە و تەنانەت لە رۆژنامەی میللیەکاندا , دیالێکتی ناوچەیی و ئاخاوتنی رۆژانە بەسەریا زاڵن , بەمەش لە رۆژنامە دەستەبژێر "نخبة" جیای ئەکاتەوە کە تایبە تمەندن و بە داتا و هاوکێشەی زانستی بۆچوونەکان ئەخەنە روو و سوودمەندن بۆ بواری نەخشەکێشان و پلاندانان وفراوان بوونی دیدی سیاسی و هەڵس وکەوت لە رووداوەکانی رۆژدا٠

## پەراوێز و سەرچاوەکان :


١. بڕوانە مجید محمود مطلب , شیعر و فەلسەفە , وەگێڕانی فوئاد مجید میسری , بەغدا,١٩٧٨ ل٧

٢. بڕوانە د.نبیلة ابراهیم , ئەفسانە , وەرگێرانی محمد بەردی , بەغدا ١٩٨٦ل١٤

٣. مجید محمود مطلب , سەرچاوەی پێشوو ل١٧٧

٤. د.دڵشاد عەلی , بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردی دا , سلێمانی ١٩٩٨ل٧

٥. بڕوانە د.الزواوي بغوره , الفلسفة و اللغة , بیروت ٢٠٠٥ل١٠

٦. هەر ئەو سەرچاوەیە ل١١

٧. محمد معروف فتاح , زمانەوانی , زانکۆی سەلاحەدین , ١٩٨٧ل٩-١٤

٨. سەرچاوەی پێشوو ل٢٠

٩. مجید معروف مطلب , سەرچاوەی پێشوو ل١٧

١٠. هەر ئەو سەرچاوەیە ل٢١

١١. جەبار ئەحمەد حسین , ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی , کوردستانی عێراق ١٩٥٠-١٩٧٠ , نامەی ماستەر – چاپ نەکراوە , زانکۆی سەلاحەدین , کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان , بەشی کوردی ٢٠٠٥ز ل٥٧

١٢. عدنان حسین العوادی , لغة الشعر الحدیث في العراق بین مطلع القرن العشرین والحرب العالمیة الثانیة , دار الحریة للطباعة ٠

١٣. نوزاد ئەحمەد ئەسوەد , شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە , چاپخانەی رەنج , سلێمانی ٢٠٠١ل١٥,٦٨,٥٦

١٤. د.محسن اطیمش , دیر الملاك , ط٢ , بغداد , ١٩٨٦ , ل١٧٥

١٥. مجید محمود مطلب , سەرچاوەی پێشوو ل٢١

١٦. هەرئەو سەرچاوەیە ل٣٢

١٧. جەبار ئەحمەد حسین , سەرچاوەی پێشوو ل٥٨

١٨. ئومێد مەسعوودی , بنەماکانی نووسین لە راگەیاندندا , وەرگێر – جوامێر مارابی , چاپی یەکەم ٢٠٠٥ ل١١

١٩. مجید محمود مطلب – سەرچاوەی پێشوو ل٢٣

٢٠. ئومێد مەسعوودی – سەرچاوەی پێشوو ل١٠

٢١. بڕوانە : د. عبداللطیف حمزة , مدخل الی فن التحریر الصحف ٠

٢٢. ئومێد مەسعوودی , سەرچاوەی پێشوو ل١٤

٢٣. ا- بروانە :د.هیمداد حسین شێوازگەرایی و دەقی ئەدەبی،گ كاروان ،ژ١٨٦، ساڵی ٢٠٠٤.
ب- د.هیمداد حسین،زمانی ڕۆژنامەنووسی كوردی،گ زانكۆی سلێمانی ، ژ ٥ ،ساڵی ٢٠٠١.
٢٤. جەبار ئەحمەد حسین , سەرچاوەی پێشوو ل هەر ئەو سەرچاوەیە ل[٥٨]
٢٥. ئومێد مەسعوودی , سەرچاوەی پێشوو ل[٧٨]
٢٦. هەر ئەو سەرچاوەیە ل[١٢]
٢٧. هەر ئەو سەرچاوەیە ل[٣٨]
٢٨. ئەم دێڕە لە شیعرێكی گۆران وەرگیراوە , بڕوانە دیوانی گۆران ل[١٩٠]


# Abstract

Language as a mean of communication contains meanings and concepts on different levels of usage. Meanwhile poetic Language are the impotant fields of utilizing Language, that's way this study attempts to show the common features as well as the differences between poetic Language and the Language of journalism .from historical perspective, this research discusses the developing phases of each of them , and then it shed lights on their specification separately.

This study is useful for journalists since it helps them carefully choose and use the Language of journalism.



# ملخص البحث

ان اللغة – كأداة للاتصال – تحمل في طياتها الفكرة والمعنى ، حيث تستعمل في المستويات والاشكال اللغوية المتشتية .

من هنا فان لغة الشعر ولغة الصحافة ، حقلان من حقول الاستعمال اللغوي ، ففي هذه الدراسة سلطنا الضوء على مواضع التقارب والتباين بين لغة الشعر ولغة الصحافة .

ومن الناحية التاريخية تناولنا التطورات والتغيرات الحاصلة لكلتيهما وفي محور آخر ذكرنا خصائص كل واحد منهما .

وفي وقت كانت الحقول العلمية كل على حدة تفتقر الى لغة خاصة بها ، فمن باب اولى ان تختص بالادب والصحافة لغة خاصة ، وتجري عليهما البحوث خصوصا في اللغة الكردية.